کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
17-2-2007 21:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی سوید هەوڵ ئەدات زەلان ئیبراهیمۆفیچ ڕازی بکات بۆ گەڕانەوە ... ئەنوەر خەراجیانی



سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی سوید (لارس ئاکی لاگریل) ڕای گەیاند رۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو کە لارس لاگرباك بەڕێوەبەری هونەری هەڵبژاردەی سوید لە کۆتایی مانگی شوباتی ئەم ساڵدا بەرەو شاری میلانی ئیتالی دەکەوێتە ڕێ بۆ ڕازی کردنی هێرش بەری سوید زەلاتان ئیبرامیمۆفیچ کە ئێستا یاریزانی یانەی ئەنتەر میلانی ئیتاڵیایە بگەڕێتەوە ڕیزبەندی هەڵبژاردەی سوید، ڕاهێنەری سوید (لارس لاگرباك) بە رۆژنامەکانی سویدی ڕاگەیاند رۆژی سەفەرەکەم دیاری نەکردووە بەلام بە دڵنیاییەوە پێش 14 ئادار (مارس) کە رۆژی دانانی لیستی ناوی یاریزانەکان چونکە سوید لە یاریەکی زۆر سەخت دایە کە 28 مانگی ئادار ڕوبەڕووی هەڵبژاردەی ئیلەندای باکوور دا ئەم یاریە پالاوتنی جامی نەتەوەکانی ئەورووپایە بۆ کۆتایی ساڵی 2008 کە لە نەمساو Fدەبێتەوە لە گرووپی



سویسرا ئەنجام ئەدرێت، ئەوەی جێگای باسە زەلات تا ئێستا بێ دەگ بووە لە بڕیاری خۆی بۆ گەڕانەوەی ریز بەندی هەڵبژاردەی سوید، لە ڕاستیدا ڕاهێنەری سویدی بە زۆر زەلاتان و دوو هاوڕێکەی دوور خستەوە لە هەڵبژاردەی وولاتەکەی وای زانی جێگای زەلاتان بە ئاسانی پڕ دەبێتەوە نەی زانی ئێستا زەلاتان دا دەنرێت بە یەکێك لە یاریزانە باشەکانی جیهان، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی سوید ئاماژەی بەوە دا تیپەکەمان ئێستا لە پلەی یەکەمین بە چوار یاری 12 خاڵکمان دەسەبەر بکەر کردووە بەلام یاریەکانی ئایندەمان سەخت دەبێت بۆیە لەم کاتەدا هەوڵ ئەدەین یاریزانە باشەکان بهێنینەوە ریز بەندی هەڵبراده.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.